کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# هەندێك پرسیار پێویستی بە وەڵامە

ئەحمەد محەمەد ئابلاخی*

ساڵی پار دوای دەرکەوتنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری پۆلی شەشەکان هەندێك تیبینیم نووسی دەربارەی ئەو مامۆستایانەی بەوەڵامەکاندا چووبوونەوە بۆ نمرە دانان، لەوکاتە هەندێك لەوانەم بەکەسانی بێویژدان دانا کە بەڵگە هەبوو ناهەقیان بەرامبەر خوێندکاران کردبوو، ئەمە مامۆستایەکی تووڕەکردبوو کە لەیەکێك لەقوتابخانەکانی لادێکاندا مامۆستابوو وەڵامێکی لەڕۆژنامەیەکدا نوسیبوو کە گوایە چۆن بەمامۆستا ئەوترێ بێویژدان، وەك مامۆستا مرۆڤ نەبێت و وەك هەموو خەڵکێکی تر ئەگەری هەڵگری رەوشتی چاك و خراپی نەبێت، بەڵام رەنگە دووری ئەو لەشارەوە لەهەندێك ڕووداوەکانی شارو ئەمڕۆی حکومەت و خەڵکی دابڕیبێ، بەهەرحاڵ هەروەکو رەنج سەنگاوی بۆ دروستی ئەو رایانەی من ئەو سیمینارەی دروستکردبێ لەتەلەفزیۆن کۆمەڵێك لەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی هێنایە قسەو ئەوان دانیان نا بەوەدا لەبەرئەوەی مووچەی تەرخانکراو بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بەوەڵامەکاندا دەچنەوە وەك دەرماڵە یا خەرجی سەفەر بۆ هەولێر ئەوەندە کەم بووە مامۆستا شارەزاکان نەیانکردووەو دواتر هەندێك مامۆستای تازەی لەپاکەت دەرهاتوو هێشتا مومارەسەی ساڵێك وانە وتنەوەیان نییە خۆیان بۆ ئەو مەبەستە نووسیوەو چوون، ئەوەبوو یەکێك لەسەرپەرشتەکان لەتەلەفزیۆن بەڕەنجی وت مامۆستایەك کە دانراوە بۆ پیاچوونەوەی وانەی عەرەبی چۆتە لای سەرپەرشتیارەکەو پێی وتووە من عەرەبی نازانم و نازانم ئەو (ئینشا)یە هەڵسەنگێنم، ئیتر بۆ قوڕبەسەر ئەو خوێندکارانەو کەس وکاریشیان نەبێت؟ هەروابوو ڕاژەی دەرچوون (١٦٪) بوو ئەنجامیش چەند خوێندکارێك خۆیان کوشت و تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەروونی بوون.

پرسیارەکان لێرەوە سەرهەڵدەدەن :

١.ئاخۆ دەبێ ئەمساڵیش وابێت یان حکومەتە کەڕو کوێرەکەمان بێجگە لەو دوو نەخۆشییە نەخۆشی بیرچوونەوەشی هەیەو ئەوەی پاری بیر نەماوە؟

٢.بیرو بۆچوونێکی واهەبوو گوایە لەزانکۆکان شوێن نییەو بەڕاسپاردەو پلانی خوێندنی باڵا ئەو مامۆستایانەو پەروەردە دەستیان داگرتووەو نمرەیان نەداوە بۆ ئەوەی زۆریان دەرنەچن یا نمرەی کەم بهێنن و نەگەنە ئاستی وەرگرتن لەزانکۆکان، پرسیارەکە لێرەوە ئەوەیە تۆ بڵێی ناهەقی وا لەخوێندکار بکرێت؟

*(ئەگەر رێگەم بدەن ئەم پرسیارەیان من لەباتی ئەوان خۆم وەڵامی دەدەمەوە: بەڕێزان دڵنیابن لەم حکومەتە کوردییەی ئێمەدا ئەحمەد ئاگای لە مەحمود نییە، دڵنیابن وەزارەتی خوێندنی باڵاو

وەزارەتی پەروەردە نە هیچ پلانێکیان هەیەو نە ئاگاشیان لەیەکە، ئەگەر ئاگایان لەیەك بێت دەبێ ئێستا خوێندنی بالا بەوردی ئاگای لەوەبێت چەند خوێندکار بەشداریی تاقیکردنەوە دەکەنو هەر لەئێستاوە پلانی شوێنو کەسەرەی خوێندنو تاقیگەو دکتۆریان بۆ زانکۆکان بەپێی ئەو ژمارەیە ئامادە کردبێت، دڵنیابن کە ئەمەش نەکراوەو یاویانەتە دەست خواو چاوەڕوانی هیچ ناکەنو ئینشاالله دوو هەفتە پێش دابەشکردنی فۆرمی وەرگرتن بیری لێدەکەنەوە).

پرسیارەکان کۆتایی هات یەکێکیان بۆ من بوو وەڵامم دایەوە ئەوی تریان چاوەڕوانی وەڵامین.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی